ئەگەر دادوەر حوکمێکی کرد وکۆششی کرد (لەو حوکمەدا)؛ پاشان (حوکمەکەی) ڕاست بوو ئەوا دوو پاداشتی بۆ هەیە، وئەگەر حوکمێکی کرد وکۆششی کرد (لەو حوکمەدا)؛ پاشان (حوکمەکەی) هەڵە بوو ئەوا یەک پاداشتی بۆ هەیە

لە عەمرو کوڕی عاسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەگەر دادوەر حوکمێکی کرد وکۆششی کرد (لەو حوکمەدا)؛ پاشان (حوکمەکەی) ڕاست بوو ئەوا دوو پاداشتی بۆ هەیە، وئەگەر حوکمێکی کرد وکۆششی کرد (لەو حوکمەدا)؛ پاشان (حوکمەکەی) هەڵە بوو ئەوا یەک پاداشتی بۆ هەیە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە ئەوە ڕوونەدەکاتەوە ئەگەر دادوەر (حاکم) هەوڵ وکۆششی خۆی دا لە مەسەلەیەکدا هەتاوەکو بەهۆی کۆششەکەی گەیشت بە لێکدانەوەیەک کە باوەڕی وایە ڕاست وهەقە لە مەسەلەکەدا، پاشان ئەگەر حوکم وبڕیارەکەی ڕاست وهەق بێت، ئەمیش مەبەستی خوای گەورەیە لە حوکمەکانیدا، ئەوا ئەم دادوەرەوە دوو پاداشتی بۆ هەیە: پاداشتی ئیجتیهاد کردن، پاداشتی بڕیاردان بە هەق وڕاستی. وئەگەر کۆششی کرد؛ بەڵام نەگەیشت بە هەق وڕاستی لە مەسەلەکەدا، ئەوا یەک پاداشتی بۆ هەیە؛ ئەویش پاداشتی ئیجتیهادەکەیە، چونکە کۆشش کردن بۆ گەڕان بە دوای هەق وڕاستیدا پەرستنە، بەڵام پاداشتی بڕیادارن بە هەق وڕاستی دەستناکەوێت، و لەسەر ئەمە گوناهبار نابێت چونکە هەوڵ وکۆششی خۆی داوە وئیجتیهادی کردووە بە بێ کەمتەرخەمی، بە مەرجێک زانا بێت وکەسێکی شیاو بێت بۆ ئیجتیهاد کردن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/64682